# سکرتێری حزبی رزگاریی پێشوازی لە سکرتێری پارتی سەربەخۆیی دەکات



کاتژمێر 16ی رۆژی 3-5-2009 هەڤاڵ رێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی حزبمان، حزبی رزگاریی کوردستان لە بارەگای تایبەتی خۆی لە شاری هەولێر، پێشوازی لە بەڕێز کاک ئەمیری قازی سکرتێری پارتی سەربەخۆیی کوردستان کرد. ئەوسا لە دیدارێکی برایانەدا باس لە گۆڕانکاریەکانی کوردستان بەتایبەتیش باس لە رەوشی لایەنە سەربەخۆخوازەکانی کوردستان کرا و هیوایان خواست کە هێزە سیاسیەکان کۆتایی بە دابڕان و هاوێرکاری نێوانیان بهێنن و بەمەبەستی بەهێزکردن و پتەوکردنی ریزەکانیان دەست بە دانوستاندن و دایالۆگ بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش رێزدار کاک ئەمیری قازی باسی لەو هەوڵانەکرد کە بەمەبەستی یەکخستنەوەی هێزە لەیەک دابڕاوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەرێوەدەچن و هیوایشی خواست تا لە داهاتوودا لانی کەم بتوانن لە کۆنفرانسێکی گشتگیردا بەیەکەوە دابنیشن و باس لە یەک هەڵوێست و یەکرێزی نێوانیان بکەن. ئەمەو لە تەوەرێکی دیکەدا باس لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان کرا کە بڕیاروایە لە مانگی تەمموزی داهاتوودا بەڕێوە بچێ.

# شاندێکی حزبی بێت نەهرێنی دیموکراتی سەردانی حزبی رزگاری دەکا



کاتژمێر11ی رۆژی 4-5-2009 شاندێکی حزبی بێت نەهرێنی دیموکراتی کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان عامر حوزەیران بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندیەکان و زادوق ئادەم ئەندامی سەرکردایەتی سەردانی بارەگای حزبمان، حزبی رزگاریی کوردستانیان کردو لەلایەن ژمارەیەک لە ئەندامانی سەرکردایەتی بەگەرمیەوە پێشوازیان لێکرا، ئەوسا لە دیدارێکی دۆستانەدا کە هەڤاڵ رێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی حزب ئامادە بوو، باس لە رەوشی هەنووکەیی کوردستان کرا، شاندەکەی حزبی بێت نەهرێن نیگەرانی خۆیان لەسەر شێوازی هەڵبژاردنەکان پێشانداو رایانگەیاند کە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان پێیراگەیاندوون کە هەموو کەسێک دەتوانێ دەنگ بە لیستی کریستیانەکان بدات، ئەمەش لەگەڵ سنووردارکردنی ژمارەی کورسیەکانیان کە پێنج کورسیە لە پەرلەمانی کوردستاندا ناگونجێ، چونکە ئەگەر کوردو نەتەوەکانی دیکە بتوانن دەنگ بۆ لیستی کریستیانەکان بدەن ئەوکاتە نوێنەری راستینی نەتەوەی ئاشوری کلدانی سریانی دەرناکەوێ، چونکە هێزە گەورەکان دەتوانن چەند هەزارێک لە ئەندامانی خۆیان رابسپێرن تا دەنگ بە دڵخوازی خۆیان بدەن، لەو پێوەندەدا هەڤاڵ رێکار ئەحمەد بە ناوی حزبی رزگاریی کوردستانەوە دڵنیایی کردنەوە کە پشتیوانی لە داواکەیان دەکەن و هاوسۆزیان دەکەن.

# راگەیاندراوی کۆتایی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی حزبی رزگاری

بەمەبەستی رێکخستنەوەی ناوماڵی رزگاری و تاوتوێکردنی رەوشی هەنووکەیی باشووری کوردستان و پرۆسەی هەڵبژاردن، رۆژی 13ی ئایار، کۆمیتەی ناوەندی حزبمان، حزبی رزگاریی کوردستان بەسەرپەرشتی هەڤاڵ رێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی حزب کۆبۆوە، لە دەستپێکدا خولەکێک وەستانی بێدەنگ بۆ رێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی رێگەی رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان راگەیەنرا، دواتر هەڤاڵ سکرتێری گشتی حزب سوپاسی سەرجەم هەڤاڵانی کۆمیتەی ناوەندی کرد کە بۆ یەکخستنەوەی نێو ماڵی رزگاری ئامادەیی خۆیان پێشانداوەو بەشداریان لە کۆبوونەوەکەدا کردووە، پاشان بە گیانێکی هەڤاڵانەوە باس لە رەوشی ناوەخۆی حزب و گۆڕانکاریەکانی باشووری کوردستان کرا، لە رێگەی ئەم راگەیاندراوەدا ئاکامی کۆبوونەوەکە بە رای گشتی ڕادەگەیەنین:

**کۆمیتەی** ناوەندی، یەکخستنەوەو رێکخستنەوەی نێو ماڵی حزبی رزگاری بە سەرجەم ئەندام و لایەنگرو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ڕادەگەیەنێ، هەروەها لە پێوەند بەو کێشەو گرفتانەی کە لە رابردوو روویاندابوو، داوای بووردنیان لێدەکات.

**کۆمیتەی** ناوەندی، بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان وەک ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی لێکدەداتەوە، لەو پێوەندەشدا رایدەگەیەنێ کە حزبی رزگاریی کوردستان لەسەر لیستی ئازادی و عەدالەتی کۆمەلایەتیدا بەشداری لەهەڵبژاردن دا دەکات و بەهەموو توانایەوە پشتیوانی لێدەکات، لەپێناو سەرکەوتنی لیستەکەش داوا لە سەرجەم ئەندام و لایەنگرانی حزب دەکات کە لێبڕاوانەو شێلگیرانە تێبکۆشن و هەموو هەوڵ و توانای خۆیان دەکار بکەن.

**لەدوایین** بڕگەی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی، بەمەبەستی ئەکتیڤ و چالاککردنی کارەکانی حزب، بڕیار درا کە ژمارەی ئەندامانی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی زیاد بکرێ، بەوهۆیەشەوە هەڤاڵان هۆشیار عەبدولڕەحمان و فەهمی محەمەد بۆ کارگێری مەکتەبی سیاسی بەرز کرانەوە.

**کۆمیتەی ناوەندی**
**حزبی رزگاریی کوردستان**
2009-5-13

# بەیەکەوە سەردانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران دەکەن



کاتژمێر 16ی رۆژی 4-5-2009 بەڕێزان کاک ئەمیری قازی سکرتێری گشتی پارتی سەربەخۆیی کوردستان و رێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی حزبی رزگاریی کوردستان، بەیەکەوە سەردانی بارەگای دەفتەری سیاسی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێرانیان لە ئۆردوگەی تۆبزاوەی نزیک شاری هەولێردا کرد و لەلایەن بەڕێز بابەشێخ حسینی سکرتێری گشتی و ژمارەیەک لە ئەندامانی سەرکردایەتی بە گەرمیەوە پێشوازیان لێکرا. ئەوسا لە دیدارێکی برایانەدا باس لە رەوشی هەنووکەیی کوردستان کرا، هەرسێ لا هاوڕابوون کە دەبێ هێزە سیاسیەکانی کوردستان لە چەترێکی هاوبەشی کوردستانیدا هاوکاری و هاوهەنگی لەگەڵ یەکتردا بکەن.

# جێژنی زمانی کوردی لە ئازەربایجان بەڕێوە دەچێ



رۆژی 16ی ئایار لە شاری باکۆی وڵاتی ئازەربایجاندا جێژنی زمانی کوردی بەڕێوەچوو.

جێژنی زمانی کوردی لەلایەن فێرخوازانی باکوری کوردستان و کوردانی ئازەربایجانەوە لە هۆڵی سێڤینج ی شاری باکۆی وڵاتی ئازەربایجان بەبەشداری نزیکەی سێ سەد میوان بەڕێوەچوو.

سەرەتا فێرخوازێک بەزمانی کوردی جێژنەکەی کردەوەو بەخێرهاتنی لەمیوانەکان کرد، پاشان مامۆستا ئەمین ئۆزدەمیر بانگ کرایە سەر شانۆ، ئەویش پەیڤێکی سەبارەت بە زمانی کوردی پێشکەش کرد و چەند هۆنراوەیەکی خوێندەوە، پاشان مامۆستا تاهیر سلێمان سەرنووسەری رۆژنامەی دیپلۆمات وتارێکی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.

مامۆستا تاهیر سلێمان لە وتارەکەیدا سوپاسی هەموو ئەوانەی کرد کە ئامادەکاریان بۆ جێژنی زمانی کوردی کردووە. ئاماژەی بەوەدا کە چەند ساڵێکە کوردەکان بەبۆنەی رۆژی زمانەوە جێژن و ئاهەنگ دەگێڕن.

لە بڕگەکانی دیکەی جێژنی زمانی کوردی بە شایی و هەڵپەڕکێ و ستران و هۆنراوە خوێندنەوە درێژەی پێدرا.

# کچە کوردێک باشترین کاندیدی سویدە بۆ پەرلەمانی ئەوروپا

رۆژنامەیەکی فەرەنسی نووسیویەتی کە کچە کوردێک باشترین کاندیدی سویدە بۆ پەرلەمانی ئەوروپا.

ئەڤین سەتان کچێکی کوردە و تەمەنی 25 ساڵە بە 6 زمانی جیاواز قسە دەکات و خوێندنی یاسای تەواو کردووە، ئێستە ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی سۆدەرتالیایە کە لە باشوری شاری ستۆکۆڵمی پایەتەختی سوید هەڵکەوتووە، ئەڤین بەورەیەکی زۆرەوە بەشداری لە هەڵبژاردنی بۆ پەرلەمانی ئەوروپا دەکات، لەگەڵ 100 جۆری پیتزەریا لە سوید رێکەوتنی کردووە تا وەک پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن ناو و وێنەی ئەو لەسەر پیتزاکان دابنێن و بەو هۆیەوە زۆرترین خەڵکی سوید ئێستە نێوبراو دەناسن.

رۆژنامەیەکی فەرەنسی دەڵێ: 'ئەڤین بەشێوەیکی سەرکەوتوو توانیویەتی بچێتە ناو هەموو چین وتوێژەکانی سوید، لەناو گرووپەکانی راپ و هیپۆپی ئەو وڵاتەشدا لایەنگرانی زۆری هەیە، هەروەها زۆربەی پەنابەرانی کورد لە سوید پشتگیری لە نێوبراو دەکەن تا لە هەڵبژاردندا سەرکەوتن بەدەست بێنێ'

وەک دەگوترێ کە ئەڤین زۆر بەباراک ئۆباما سەرسامە، جارێک لە بەهاری رابردوو لە کۆنگرێسی ئەمەریکا چاوی پێی کەوتووە، ئاوات دەخوازێ وەک باراک ئۆباما بتوانێ بەبێ جیاوازی خزمەت بەدانیشتوانی سوید بکات و ببێتە کەسایەتییەکی بەنێوبانگی ئەو وڵاتە.

# تۆپبارانکردنی گوندو ئاوایییەکان رابگرن

**کوردستانیانی خۆڕاگر!**
**کۆڕو کۆمەڵە نێودەوڵەتیەکان!**
**ئازادیخوازانی جیهان!**

ماوەیەکە تۆپخانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەژێر پاساوی ناڕەوادا دەستیان بە تۆپبارانکردنی گوندو ئاوایییەکانی قەزای پێنجوین و بناری قەندیل کردۆتەوە، بەوهۆیەشەوە زیان لە گوندنشینان دەدەن و ناچاریان دەکەن کە گوندو ئاوایییەکانی خۆیان جێبهێڵن و بەدوای پەناگەیەکی ئارام دا بگەڕێن.

تۆپبارانکردنی گوندو ئاوایییەکانی باشووری کوردستان لەلایەن تۆپخانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران هاوکاتە لەگەڵ تۆپباران و هێرشی فڕۆکەکانی دەوڵەتی تورکیا بۆ سەر خاکی باشووری کوردستان، ئێمە لە کاتێکدا زۆر بە توندی ئەو تۆپباران کردن و هێرشانە ریسوا دەکەین و داوا دەکەین کە دەست رابگیرێن، لەهەمان کاتدا داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەین کە گوشارەکانی خۆیان لەسەر تاران و ئەنقەرە چربکەنەوەو ناچاریان بکەین کە دەست لە تۆپبارانکردن و بۆردومانکردنی باشووری کوردستان هەڵبگرن.

تۆپبارانکردن و هێرشی فڕۆکەکانی دەوڵەتانی داگیرکار وێڕای ئەوەی کە پێشێلکردنی سەروەری و تێکدانی ئاسایش و هێمنایەتی باشووری کوردستانە، لەهەمان کاتیشدا گورزێکی کاریگەرەو لە ئاسایش و هێمنایەتی ناوچەکە دەدرێ، بەوهۆیەوە ئەرکی هەموو جیهانیانە کە هاوسۆزی لەگەڵ گەلی کوردستان بنوێنن و دەنگی نارەزایی لەبەرانبەر کۆماری ئیسلامی ئێران و دەوڵەتی تورکیادا بەرز بکەنەوە.

**سڵاو لە خۆڕاگری کوردستانیان.**
**نەفرەت لە زۆردارو ستەمکاران.**

**حزبی رزگاریی کوردستان**
**پارتی سەربەخۆیی کوردستان**
**پارتی کۆماری کوردستان**
2009-5-6